بۆ منداڵی تەمەن "٣" ساڵ و بەرەوژوور

ئەمەل عەلامەدین ئارنائوت



# سوسە و هاورێکانی



ئەمەل عەلامەدین ئارنائوت

# سوسە و هاوڕێکانی



وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب حەمە غەریب

ئەم کتێبە لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری چاپکراوە

## سوسەو هاوڕێکانی


نووسینی: ئەمەل عەلامەدین ئارنائوت
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی
بابەت: چیرۆك
پیتچنی: شیلان جەمال سام ئاغا
نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك: دانا تەیب مەنمی - هەڵاڵە عەزیز
سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیاری هونەری: هەڵاڵە عەزیز
قەبارەی کتێب: 20 × 20
ژمارەی لاپەڕە: ( ٣٢ )
تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی کارۆ
نرخ: ( ١٠٠٠ ) دینار

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١١١٣ )ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی وەیس، نزیك کتێبخانەی گشتی سلێمانی
٣٣٠١٩٤٩

بەمۆ بە دەگمەن فلّچەی ددان شوشتن
بەکار دەهێنێت. لەبەرئەوەش سوسە و
هاورێکانی هەمیشە هەستیان بە
پارێزراوی دەکرد.
(سوسە)، بەڵێ خاتوو سوسە قەڵەوە و
متمانەی بەخۆی هەیە و هەمیشە تێر و
پڕە. سوسە لە نێوان دوو ددانددا لە کلۆری
ددانێکدا دەژی، هەموو ئەو خواردنە
شیرینانەی خۆی دەیەوێت دەیخوات.
سوسە هەست بە بەهێزی دەکات و
دەست دەکات بە زیاتر کلۆرکردنی
ددانەکە و هەموو ژەمێک ئەمە دووبارە
دەکاتەوە.







جارناجارێک کە بەمۆ فڵچەکەی
بەکاردەهێنێت بۆ پاککردنەوەی
ددانەکانی، لەو کاتانەدا سوسە و
هاوڕێکانی لە پێچ و پەنای ددانە
کلۆرەکەدا خۆیان دەشارنە و
هەست بە ئارامی دەکەن چونکە
ڕیشاڵی فڵچەکە بە نەرمی
بەریاندەکەوێت.
بۆیە ئەو چەنـد خولەکە کەمەی
کە بەمۆ بۆ پاکـردنەوەی ددانی
تەرخانی دەکـات بەس نییە بـۆ
ڕزگاربوون لە سوسە و هاوڕێکانی.



سوسە زۆرجار سەردانی هاوڕێکانی دەکات و یارمەتیان دەدات بۆ کلۆرکردنی زیاتری ددانەکە و هەڵکەندنی ماڵ بۆ خۆیان و منداڵەکانیان. هەروەها یارمەتیشیان دەدات لە دیاریکردنی باشترین ددان بۆ ئەوەی کلۆری بکەن.

باشترین کات بۆ سوسە ئەو کاتەیە کە
شەو دادێت.
چونکە ئەوکاتە دوای نانخواردنی
ئێوارەیە و پاشماوەی خواردن لە نێوان
ددانەکاندا دەمێنێتەوە. سوسە و
هاورێکانی پەنیر و سەوزە و شۆربا و
پاشماوەی دیکەی خواردنی ئێوارە
دەخۆن، هەستدەکەن لەم ساتانەدا لە
هەموو کاتیکی دیکە بەهیزترن.






هەندێک جاریش بەمۆ لە بیری دەچێتەوە فڵچەی ددان بەکار بهێنێت، بۆیە هاوڕێکانی سوسە بە کلۆرکردنــی ددانەکانەوە سـەرقاڵ دەبن.

هەروەهــا هاوڕێکــانی سوسە هاوســەرگیری دەکەن و زۆر دەبن.

خاتوو سوسه بـه ژیانی خۆی
لەناو کلۆرە ڕەشەکەی خۆیدا،
کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قوڵتر و
پان و پۆرتر دەبێت، دڵی زۆر
خۆشه.






ڕۆژێکیان شتێکی پێشبینی نەکراو ڕوویدا.
تیشکی ڕووناکییەکی نامۆ ناو دەمی بەمۆی
ڕووناک کردەوە. دەموو چاوێکی نامۆ لە
ددانەکانی دەڕوانی.

ئەمرۆ ڕۆژێکی خراپ بوو. ماڵی سوسە
ڕووبەڕووی هێرش بووەوە. ماڵەکەی و
هەموو ناودەمی بەمۆ هاتە لەرزین و
هەموویان بەهۆی هێزەوە
تێکشکێندران.



لە ترسدا، سوسە هەوڵیدا هەڵبێت، بەڵام نەیتوانی و هەموو ئەو لەرزینە سووسەی لەناو جیهانی خۆیدا هێشتەوە. دوای چەند خولەکێک، ماڵی سوسە بەتەواوی تێک و پێک دراو ڕەنجی بەباچوو.





چەند پارچە ئامێریکی سەیر
جیهانەکەی سوسەیان داگیرکرد.
پارچە کانزایەکی درەوشاوە کە
تۆپەڵێک لە ماددەی پڕکردنەوەی
هەڵگرتبوو ئامادەبوو بۆ پڕکردنەوەی
کلۆرە ددانەکە.ماڵی سوسە
لەماوەیەکی خێرادا دیارنەما.



سوسە خەمبار بوو، بەڵام
هاورێکانی لایان چۆڵنەکرد و
پێیان وت کە هێرشەکە بەهۆی
ماڵە مەزنەکەی ئەوەوە
روویداوە، لەبەرئەوەی ماڵەکەی
ئەو ببووە مایەی ئازارێکی زۆر
بۆ بەمۆ و ئازاری زۆری
دەچەشت لەبەرئەوە پێویست
بوو سەردانی پزیشک بکات و
پزیشکەکەش دەستیکرد بە
هێرشکردن بۆ سەرماڵەکەی و
وێرانیکرد.

پزیشک ئامۆژگاری بەمۆی کرد ڕۆژی
سێ جار دوای هەر ژەمە خواردنێک ددانی
بشوات "بەیانیان، نیوەڕوان، شەوان."






سوسە قیژاندی "نا، نەخێر، پاک و
خاوێنی ئازارم دەدات. پاک و خاوێنی
ناهێڵێت کاری خۆم بکەم."
هاورێکانی پێیان وت: "خەمت نەبێت،
کاتێک ئازارەکەی بەمۆ نامێنێت ئەو
لەبیری دەچێتەوە ددانی بشوات و
جیهانە ئارام و پارێزراوەکەی خۆمان
جارێکی دیکە بۆ دەگەڕێتەوە."



بەمۆ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم بەردەوامبوو لە شوشتنی ددانەکانی بە فڵچەو هەویری ددان و جارێکی دیکە مینای ددانی پاک و خاوێن و تەندروستی بۆ گەڕایەوە. دوای ماوەیەک ئازاری ددانەکانی بەمۆ نەما. هەروەک پێشبینی دەکرا، بەمۆ هەموو ئەو ئامۆژگارییە گرنگانەی پزیشکەکەی لەبیرکرد و گەڕایەوە بۆ پیشە کۆنەکەی خۆی لە نەشوشتنی ددانەکانی.




جارێکی تر، سوسه گەڕایەوە بۆ باری
بەهێزی خۆی و دەستیکردەوە بە
کلۆرکردنی ددانی بەمۆ و لەوێ
ژیانی دەگوزەراند و شەکر و شیرینی
دەخوارد.



بەم شێوەیە بەردەوامبوو هەتا ماڵی سوسە لە ددانەکەدا بەرەو لای چەپ و لای ڕاست فراوانبوو.
بەمۆ بۆ پێشەوە و بۆ دواوە زمانی لە ددانە لەقەکە دەدا هەتا دواجار بە زمانی ددانەکەی خست.

سوسە لە دراوسێکانی پرسی: "ئێستا
چی تازە هەیە؟ چی ڕوویداوە؟"
دواتر سوسە بۆیدەرکەوت ئەو
ددانەی کە کەوت ددانێکی ساوای
شیری بوو، بەتێپەڕینی کات ددانێکی
هەمیشەیی دیکە لە شوێنی
دەڕوێتەوە. بۆ بەدبەختی سوسە ماڵە
تازەکەی لەسەر ددانێکی نوێ
هەڵکەوتبوو کە خەریک بوو سەری
دەهێنایە دەرەوە.
سوسە وتی: "بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆم
بکەمەوە، دەبێت ڕۆژێک ئەم ددانە
تازەیە کلۆر بکەم و ماڵە تازەکەم
لەناو ئەم ددانە سپیە، تازە،
درەوشاوەیەدا دروستبکەم.
ماڵێکی زۆر مەزنی لەناودا
دروست دەکەم."





جارێکی دیکە تیشکی ڕوناکییەکە جیهانەکەی سوسەی ڕۆشنکردەوە و بە هەمان شێوەی پێشوو دەموچاوە نامۆکە ددانەکانی پشکنی.

پزیشک وتی: "وریابە، پاش ماوەیەک تۆ ئیتر ددانی شیریت نامێنێت. و پێویستە زۆر ئاگاداری ددانەکانت بیت و باش بیانشۆیت. فڵچەی ددان هاوڕێیەکی مەزنی ددانەکانە."

سوسەو هاوڕێکانی بە وتەکانی پزیشکەکە دەستیانکرد بە پێکەنین. سوسە بە ددان ڕیچکردنەوەیەکەوە وتی: "گوندێک بنیات دەنێین بۆ ئەوەی کۆمان بکاتەوە و ژمارەمان زۆر بێت و شەڕی دوژمنەکانمان ( بەمۆ و فلۆچەی ددان) بکەین، چونکە ئەوان نرخی ڕاستەقینەی ددان نازانن."






سوسە لەو باوەڕەدا نەبوو بەمۆ بەڕاستی
گۆڕرابێت و پێی وابوو ڕەوشی ژیانی
باشتر دەبێت. بەڵام فڵچەی ددان ببووە
هاوڕێی بەمۆ و ڕۆژانە سێ جار لە بەیانیان
و نیوەڕوان و شەودا دوای هەموو ژەمە
خواردنێک فڵچەی بەکار دەهێنا و
ددانەکانی پاک دەشوشت.



حەزی سوسە بۆ خواردن
کەمبوەوە.
کلۆرە ددانەکان نەمان. هاورێکانی
سوسە وتیان: "خاتوو سوسە تۆ لە
نێوان ئێمەدا بە تەمەنترین و
داناترین کەسیت. بەمۆ گۆڕراوە و
تەنانەت خواردنەکانیشی گۆڕراون.
کوا پەتاتە و شیرینیەکان؟
کوا شەکر؟
هەرکاتێک ئەو نان دەخوات،
ددانی بە فڵچە و هەویر دەشوات و
ئێمە بێزار دەکات و نەخۆشمان
دەخات."



سوسه وتی: "هەموو ژیانم لەناو
دەمی بەمۆدا بەسەر برد بەڵام،
ئێستا بەمۆ و ڕەوشەکە گۆڕراون.
من پێم وایە پێویستە بگوازینەوە
ئەگەر نا دەمرین شتەکانتان
بپێچنەوە و ماڵەکانمان
بەجێدەهێڵین و کۆچ دەکەین."

هەر بەو شێوەیەش گوندەکەی
سوسە کۆچیانکرد.
بەمۆ ئیدی بۆ ساتێکیش هەستی
بە ئازار نەکرد، فڵچەی ددان بووە
هاوڕێی نوێی و لە هەموو ئازارێک
دەیپاراست. ماوە بە ماوە فڵچەی
ددانەکەی دەگۆڕی تا بە تەواوی
ددانی بپارێزێت.
بەمۆ هەمیشە سەردانی پزیشکی
ددان دەکات تا دڵنیا بێتەوە لەوەی
کە لە سوسە و هاوڕێکانی
پارێزراوە.

